## هەڵەبجەی تازە: ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان هەڵمەتێکی هۆشیاری ئەنجامدا بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی پەتای سکچوون لە قەزای شارەزور

## ڕێوشوێنی خێرا گیراوەتە بەر بۆ پاراستنی زیاتر لە ١٥٠٠٠ دانیشتووی ئەو ناوچانەی کێشەی ئاوی پیسیان هەیە.

ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان – بەیاننامەی رۆژنامەوانی

**١٧ تشرینی دووەم ٢٠٢٤**

**هەڵەبجەی تازە/ عێراق**، ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان هەڵمەتێکی بەپەلەی ئەنجامدا بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و ڕێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی پەتای سکچوون و ڕشانەوە کە لەم دواییانەدا لە قەزای شارەزوور و بە تایبەتی هەڵەبجەی تازە بڵاوبووەتەوە.

لە سەرەتای ئەم مانگەدا کێشەیەکی گەورەی تەندرووستی سەریهەڵدا بەهۆی باران بارینێکی زۆر و لافاو کە لە دەرەنجامدا ئاوی خواردنەوەی ناوچەکە تێکەڵبوو بە ئاوی ئاوەڕۆکان، ئەمەش بووە هۆی بڵاوبوونەوەی خێرای نەخۆشی لە ناو گشت خوێندنگەکان و دانیشتوان بەهۆی پیسبوونی ئاوی خواردنەوە.

ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان بە هاوبەشی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی تەندروستی و پەروەردە لە شارەزور، بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی خەڵکی و منداڵان بە تایبەتی و گرنگیدان بەو مەترسییانەی لە ئێستادا لە ناوچەکەدا هەیە، ڕێوشوێنی خێرای گرتەبەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەتاکە.







پەیوەندیمان پێوە بکە:
ناونیشانی ئۆفیسی سەرەکی: ٤٠٨ ڕزگاری، شەقامی حەپسەخانی نەقیب-سلێمانی، کوردستان/عێراق
ژمارە تەلەفۆن : ٩٦٤٥٣٣٠١٠٤٠+
وێبسایت: www.ksc-kcf.org
ئیمەیڵ: press@ksc-kcf.org

هەڵمەتەکە لەم هەفتەیەدا ئەنجام درا و پێکهاتبوو لەم چالاکیانە:

- دابەشکردنی پاککەرەوەی دەست لە ناو قوتابیانی ئەو خوێندنگایانەی پەتاکە تیایدا بڵاوبووەتەوە.
- ئەنجامدانی سیمینار و بڵاوکردنەوەی نامیلکەی هۆشیاری دەربارەی ئاوی پاک و خاوێنی و ڕێکارەکانی خۆپارێزی.
- دابینکردنی دەرمانی پێویست بۆ نەخۆشخانەکان بۆ چارەسەرکردنی تووشبووان.
- پاکردنەوەی چەند تانکیەکی ئاو بۆ ڕێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی زیاتری پەتاکە.

لە کاتێکدا لە ئێستادا زیاتر لە ٥٠٠ منداڵ لەنەخۆشخانەکان چارەسەر وەردەگرن، بەخۆشحاڵییەوە و زیاتر لە ١٥٠٠٠ کەس لە دانیشتووان سوودمەندی ئەم هەڵمەتەن. ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان لە ڕێگەیی ئەم هەوڵەوە کاردەکات بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی زیاتری پەتاکە و پاراستنی تەندروستی کۆمەڵگا بە گشتی.

خاتوو سارا ڕەشید، سەرۆکی ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان، ڕایگەیاند:" تیمەکانمان بە بێ وچان کاردەکەن

بۆ کۆنترۆڵکردنی پەتاکە و ڕێگریکردن لە زیاتر بڵاوبوونەوەی". هەروەها وتیشی:" لە ڕێگەی خێرا دابینکردنی پێداویستییە گرنگەکان و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری، هەوڵمانداوە منداڵان و خێزانەکانیان بپارێزین لە کێشە تەندرووستییەکان لە داهاتوودا".

تیمی وەڵامدانەوەی خێرای ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان بەردەوام دەبێت لە چاودێری کردنی بارودۆخەکە لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی کاریگەری هەڵمەتەکە لە کەمکردنەوەی ژمارەی تووشبووان و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵگا، بە تایبەت خوێندکاران بە مەبەستی کەمکردنەوەی ڕێژەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لە خوێندنگا و ناوەندە ناوخۆییەکاندا.

ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان وەک هەمیشە پابەند دەبێت لە ئەرکەکەیدا بۆ پاراستنی تەندروستی منداڵان و دابینکردنی ژینگەیەکی ئارام و پارێزراو بۆ هەموو منداڵێک لە هەرێمی کوردستان. لە ڕێگەی ئەم هەڵمەتەوە ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان جەخت دەکاتەوە لە پابەند بوون بە ئەنجامدانی دەستپێشخەری گرنگ و کاریگەر بۆ هاوکاریکردی کۆمەڵگە لێقەوماوەکان لە کاتی کارەساتدا.

**-کۆتایی-**

پەیوەندیمان پێوە بکە:
ناونیشانی ئۆفیسی سەرەکی: ٤٠٨ ڕزگاری، شەقامی حەپسەخانی نەقیب-سلێمانی، کوردستان/عێراق
ژمارە تەلەفۆن : ٠٠٩٦٤٥٣٣٠١٠٤٠+
وێبسایت: www.ksc-kcf.org
ئیمەیـــڵ: press@ksc-kcf.org

# بەیاننامەی ڕۆژنامەوانی منداڵپارێزی کوردستان

### دەربارەی ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان

ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان لە پێناوقازانجدا کارناکات، ڕێکخراوێکی سیاسی و حکومی و ئاینی نیە، بەبێ ڕەچاوکردنی نەژاد، ڕەگەز، پابەندییە ئاینی و سیاسیەکان یارمەتی پێشکەش بە منداڵان دەکات .

لە ئێستادا لە چوارچێوەی ٤ بەرنامەی سەرەکیدا کاردەکات ئەوانیش، پاراستنی منداڵ، تەندروستی، پەروەردە و پەرەپێدانی تواناکانی گەنجان و هەروەها فریاگوزاری لە کاتی کارەسات.

ئامانجی سەرەکیمان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ مسۆگەرکردنی داهاتوویەکی باشترە لەڕێگەی چاککردن و دابینکردنی پێداویستی جۆراوجۆری ماددی، تەندروستی، کۆمەڵاییەتی، ئابوری، و پەروەردەی .

ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٩١ لەلایەن بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و خانمی یەکەمی ئێستای عێراق خاتوو شاناز ئیبراهیم ئەحمەد دامەزراوە.

### بۆ زانیاری زیاتر، تکایە پەیوەندی بکە:

press@ksc-kcf.org

### سۆشیال میدیا پلاتفۆرمەکان:

https://www.ksc-kcf.org/

https://www.facebook.com/kurdistansavethechildren

https://www.instagram.com/kurdistansavethechildren/

https://www.linkedin.com/in/kurdistan-save-the-children/

https://twitter.com/KSC_KCF

https://www.youtube.com/@KurdistanSavetheChildren


پەیوەندیمان پێوە بکە:

ناونیشانی ئۆفیسی سەرەکی: ٤٠٨ ڕزگاری، شەقامی حەپسەخانی نەقیب-سلێمانی، کوردستان/عێراق

ژمارە تەلەفۆن : ٠٩٦٤٥٣٣٠١٠٤٠+

وێبسایت: www.ksc-kcf.org

ئیمەیـڵ: press@ksc-kcf.org